## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# شانۆی شار

له ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، بیرۆکەی شانۆ و خولیای شانۆ له باشووری کوردستاندا و بەتایبەتی لە شاری سلێمانیدا چاوی بوونی هەڵهێنا، هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، شوێنێك نەبووە لەو شارەدا بۆ شانۆ، یان هۆڵی شانۆ نەبوو. ئەوە بوو پاش دروستکردنی ئامادەیی سلێمانی کوڕان و بۆ یەکەم جار له رووی تەلارسازییەوە بیر له دروستکردنی هۆڵێکی گەورە کرابێتەوە که سەکۆی شانۆی تیادا بووبێ، هەرچەندە دوور نییە، شانۆ وەك هونەرێك له چوارچێوەی مەبەستی ئەو هۆڵەدا بووبێ، رەنگە بۆ ئاهەنگ یان ئەزموونەکانی خوێندن بووبێ.

بە هەرحاڵ لە رۆژی دروستکردنیەوە خۆی بە ماڵی شانۆی شار ناساند و سەپاند، بەو پێیەی ئەو شانۆیە چەند سەد مەترێ له ماڵەکەمانەوە له گەڕەکی (چوار باغ) نزیك بوو، بۆیە ئاشنای بەرد بە بەردیم و هەرچی دەستکاری و گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێ، ئاگادارم، بۆ نموونە کاتی خۆی دوو ریز پەنجەرەی گەورە لەمبەر و ئەو بەری هۆڵی دانیشتووانی هەبوون، پاشان گیران و پڕکرانەوە، هەروەها دیواری پشتەوەی شانۆکە که دیوارێکی گەچکاری بوو، لە رووی ئەندازەی دەنگیشەوە دروست کرابوو، تێکیان دا و کردیانە دوو دەروازەی زەبەلاحی زەوی هەتا بنمیچ، کە کارێکی نادروست بوو، نەك جارێ پتر لە دە جار نوژەنی بنمیچی هۆڵەکە کرایەوە.

لە یەکێ لە نۆژەنکردنەوەکاندا بنمیچی شانۆکەیان بە راڕەو و پەیژەی ئاسنینی محەجەرەدار تەنی، ئەمەشیان بووە مایەی پابەندکردنی ئەو بنمچیە کە کاری رووناکی تیادا دەکرا، بۆیە بەم کارە بووە مایەی رێگرتن لە بەکارهێنان و بە دەستەوەهاتنی بۆ مەبەستی شانۆییەکە، پاشان لە تەنیشتەوە ژووریان دایە دەم پانتایی سەر شانۆکە، پاش ئەو گشت نۆژەنکردنەوە و دەستکاریکردنە هەر دەستخۆشی لە ئەندازیاری یەکەمین دەکەم، کە لەو سەردەمەدا هونەری



نواندووە. لەو ساڵانە کەناڵێکی تەلەفیزیۆن هەستان بە تۆمارکردنی (فیلمێکی دیکیۆمێنتار) لەسەر ژیان و شانۆکەم، منیش هەرچۆن بردمن بۆ گەڕەك و ماڵەکەمان و هەواری باب و باوانم، له دۆتۆی ئەو گەشتە گوزارشت له تەمەنه سەردانی شانۆی ئامادەیی سلێمانیمان کرد، زانیمان کراوە بە شانۆیەك کە پێی بگوترێ شانۆ، بەڵام ئاخ و داخ بۆ ئەم بەڵامە، نەمانتوانی بچینە ژوورەوە و سەردانی بکەین، گوایە بەرپرسێکی سیاسی کلیلەکانی لەگەڵ خۆیدا بردووە و ئاخنیویەتە باخەڵیەوە و بە تایبەتی کردووە تەنیا و تەنیا بۆ کاری حیزبایەتی. ئەم جارە هەر خۆم دڵخۆشی خۆمم دایەوە و گوتم: براکانم ژمارەیەکی زۆر شوێن هەیە کە رۆژانی کاری شانۆییم تیادا کردووە، دەی با بڕۆین.

جگە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی سەرکارێز، کە ئەویش کارکردنی تیادا نەماوە، سێ چوار قوتابخانە هەبوون کە هۆڵەکانیان وەك هۆڵی شانۆ بەکاردەهێنا، ئەوانیش نەمابوون، ئەوسا روومان لە زانکۆی (سلێمانی) کرد کە شانۆی زانکۆی تیادا بوو، گەلێك سەربوردەی تاڵ و شیرینیشم لەگەڵیا هەبوو، سەرەتا کە هێشتا (هەیکەل) بوو ساڵی (١٩٧٢) شانۆی (پیسکەی تەرپیر)ی (مۆلێر)م تیادا پێشکەشکرد و پاشان چەندین شانۆیی و ساڵانێکیش بەرپرس و دامەزرێنەری (تیپی شانۆی زانکۆ) بووم و ئۆفیسی کارکردنم لە هەمان شانۆدا بوو، ئەوەی شایەنی باسە پاش راپەڕین کرایە بارەگای یەکێتی هونەرمەندان و ناوەکەشی کرا بە شانۆی هونەرمەندان. چوومە ناو زانکۆوە بە هیوای جۆش و خرۆشی شادبوونەوە بەو یارە و هەوارەم، بەڵام تابلۆی دەرگای هۆڵی شانۆکە تووشی حەپەسان و رامانی کردم، نووسرابوو: (هۆڵی کۆڕە زانستییەکان)، بۆچی شانۆ بکرێتە هۆڵی کۆڕی بابەتی زانستییەکان؟! جگە لەوەی وەك من دیومە و شارەزام سەرجەم زانکۆی وڵاتان بە زانکۆکانی جارانی عێراقیشەوە کە لەسەر زۆربەیان کاری شانۆییم پێشکەش کردووە چ لە بەغدا و بەسرە و موسڵ....

لەگەڵ ئەوەشدا خاسیەت و پێداویستییەکانی هۆڵی سیمینارە زانستییەکان گەلێك جودایە و خەسڵەتی تایبەتی هەیە، ئەو شانۆیە کە ئەندازیار (د. محەمەد حەسەن) دروستی کردووە، تەنیا بۆ ئەرکی شانۆیی بووە، ئەم جارەش هەر بە ناچاری کەوتمە دڵخۆشیدانەوەی خۆم و برادەرەکانم، هێندەی نەبرد خۆم پێنەگیرا و پردی ئارامم پسا و کەوتمە هەڵڕشتنی زاخاوی دەردەدڵ، گێڕامەوە: بەری چەند ساڵ

ئەحمەد سالار
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

بە گەشتێکی شانۆیی بانگهێشتی (ئەڵمانیا) کرا بووم بە هاوەڵی چەند شانۆکارێك سەردانی چەند شانۆیەکی چەند شارێکی ئەو وڵاتەم کرد، هەمە جۆر شانۆ، کلاسیك و نویێ، جگە لە شارەزابوونم بە خاسیەتی شانۆ، لەو وڵاتە لەو رێگای سەردانەوە رادەی پەرەسەندنی شانۆکەیان و دەستباڵایی تەکنۆلۆجیای هەرە نویێ لە شانۆکانیاندا، وایکرد کەوتمە بەراوردکاریی لە نێوانی هەژاریی شانۆکەمان و هەڵکشان و زەنگینی ئەوان. خوا کردی ئەڵمانەکان سەردانیان کردینەوە، یەکەم داوایان بینینی شانۆکانمان بوو، دیاربوو کاتێ ئۆفیسی شوێنە رۆشنبیرییەکانیان لە ئۆفیسی وەزیر و بەرپرسان و بە ئۆفیسی تایبەتی منیشەوە وەك نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، وای بۆ چووبوون کە دەبی باری شانۆکانمان چۆن بووبێ، سەرەتا میوانەکانم برد بۆ هۆڵی رۆشنبیری لە پایتەختی هەرێمدا، کاتێکم زانی هەر هەموویان لە پشت پەردەکەوە دەور و خولی جەروچەرخەیەکیان داوە، کە بە جۆری گوریسی ئاسنین ئامێرەکەی شەتەکی پردە ئاسنینەکەی بنمیچەی شانۆکە کردووە، ئەو پردەی پابەندی کاری رووناکییە، سەیرم کرد ئەو بەستەزبانانە ئەمسەریان ئەکرد و ئەو سەریان دەکرد، سەریان لێدەرنەدەکرد، گیرۆدە بووبوون و پەیتا پەیتا لە یەکدییان دەڕوانی، گوتم با بە هانایانەوە بچم و لەو گێژاوی ( تەلەشکێنەیە ) دەریان بهێنم و گوتم: دەزانم ئێوە لەو جۆرە هەرامە تەکنۆلۆجییە ناگەن، ئەمە داهێنانی ئێمەیە، کەوتمە بادانی جەڕ و هندلەکەی، بەڵام چونکە ژەنگ گرتبووی بە باشی بۆم هەڵنەدەبوو، ناچارمان بە هەموویان کۆمەکیان کردم و، زرم پردە دای بەسەر تەختەی شانۆکەدا و هەموویان خراپ راچڵەکین. بەڵام کاتێ لە ئەرکی ئەو ئامێرە عەنتیکە خۆماڵییەمان حاڵی بوون، پێکەنین خورپە و راچڵەکینی لە بیر بردنەوە، پاشان گوتم: ئێوە گەلێکی کەلەپوور پارێزن، بۆیە بە چاکی دەزانم ئەم ئامێرە بکەمە دیاری بۆتان و ئێوەش لەگەڵ خۆتاندا بیبەنەوە و بە خۆشی و تامەزرۆییەوە خەڵاتی مۆزەخانەی شانۆی ئەڵمانی بکەن و لە گۆشەی ئامێرە دانسق و دەگمەنەکانی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی شانۆدا دایبنێن.

دوای ئەو شانۆیە گەلێك شتی سەیرترم نیشاندان، کاتێ گەڕاینەوە شوێنەکەم لە هونەرمەندان گوتیان: ئێمە ئامادەین، هەر کە چووینەوە داوایەك دەدەینە وەزارەتی دەرەوە دوو سێ بار هەڵگر پێداویستی شانۆییتان پێشکەش بکەین، بەبێ ئەوەی تەنانەت پارەی گواستنەوەشتان بچێتە ئەستۆ. بەڕاستی دڵخۆشیان کردم، خێرا پەیوەندیم بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە کرد و ئەو مژدەیەم پێدان، کەچی زۆر بە ساردییەوە وەریانگرت، هەر دەتگوت شۆلکێکی تەڕیان بە قولنگەی کەپوویاندا داوە. کۆڵم نەدا، شاندەکەم برد و بابەتەکەم خستە دیاریان لە بری خۆشحاڵی (شیردا بۆ داپیردا...)یان دەهێنایەوە، ناچار کەوتمە شیکردنەوەی مەزنیی ئەو کارە، کاتمان بەسەر برد و چای خواردنەوە و قاوە خواردنەوەی بەدواداهات و بووەوە چای خواردنەوەی دووەم و سێیەم هەر نەچوونە ژێر بار و کاتێ هەستاین گوتی: خوا کەریمە ئینشائەڵڵا.. من خۆم ساڵەهایەکی تەمەن مامۆستای هونەری نواندن بووم، چ لە پەیمانگا، چ لە کۆلێج، بۆیە زۆر تێگەیشتم کە مەبەستی نییە، ئەو خوا کەریمە و ئینشائەڵڵایە، بە پێچەوانەی مەبەست و واتاکەیەوە کە پێی دەگوترێ (بنە وشە و بنە ڕستە) واتە مەبەستی ئەو پیتە و پێکهاتانەی وشە و رستە نییە، بەڵکو تەواو پێچەوانەوە، هەرواش دەرچوو، چونکە بۆ جارێکی دیکە سەردانم کردەوە، کە بەڕێزیان لەوێ نەبوون، بەڵکو برادەرێکی دیکە بوو، ئەویش هەڵوێستی (قیرسچمان) بوو، ئەمە ئەوەیە کورد واتەنی (بە دەست ئەنقەست دەست بە خێری خۆیەوە دەنێ) یاران یاوەران خوداتان بێ ئێستاش ئەوقبوون و حەپەسان و وڕ بوون کاسی کردووم و بەرینەداوم، لە فەلسەفەی ئەو نەویستنە نەگەیشتووم، خێرتان دەگاتێ بە فریام بێن.

کردبووم بە خوو، هەر جارێ بچوومایەتەوە شاری سلێمانی بە دەور و خولی ئامادەیی سلێمانیمدا دەدا، بە دەست خۆم نییە دڵم دەستم دەگرێ و دیارە دەیان یادگاری شانۆییم لە تەك شانۆکەیدا هەیە. دوایین جار بۆ ئەو فیلمە (دیکیۆمنتار) ییەی تەلەفیزیۆنی (رووداو) کە ماوەی حەوت مانگە کاری تیادا دەکەن، بەتایبەتی وێنەگر و دەرهێنەر (کاکە حەیدەر) و بە هیممەتی (کاکە زانا) داویان لێکردم چەند گرتەیەك لەو شانۆیە بگرن و ترسێکی گەورەی رەوانمەوە، ئەوە بوو بەڕێوەبەرەکەی دڵنیایی کردمەوە کە بۆ دوایین جار مەترسی داگیرکردن و کردنی بە بازاڕی لەسەر نەماوە و وەك شوێنێکی کەلتووری دەپارێزرێ.

دیارە خودا چاوی میهر و نەوای لە شانۆکارانی شارەوە بوو، دەنا شانۆ و ئامادەییەش، بە هەمان مەرەی خوێندنگاکانی دیکەی دەچوو، باش بوو بوون بە مۆڵ لە چارەی نەنووسرا بوو..

**لەو ساڵانە کەناڵێکی تەلەفیزیۆن هەستان بە تۆمارکردنی (فیلمێکی دیکیۆمێنتار) لەسەر ژیان و شانۆکەم، منیش هەرچۆن بردمن بۆ گەڕەک و ماڵەکەمان و هەواری باب و باوانم، لە دۆتۆی ئەو گەشتە گوزارشت لە تەمەنە سەردانی شانۆی ئامادەیی سلێمانیمان کرد، زانیمان کراوە بە شانۆیەک کە پێی بگوترێ شانۆ، بەڵام ئاخ و داخ بۆ ئەم بەڵامە، نەمانتوانی بچینە ژوورەوە و سەردانی بکەین، گوایە بەرپرسێکی سیاسی کلیلەکانی لەگەڵ خۆیدا بردووە و ئاخنیویەتە باخەڵیەوە و بە تایبەتی کردووە تەنیا و تەنیا بۆ کاری حیزبایەتی**



# میگان فۆکس بیر لە وازهێنان دەکاتەوە

ئەکتەر و مۆدێلی ناسراوی ئەمریکای میگان فۆکس لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری (کۆزمۆپۆلیتان) رایگەیاند دوای ئەو هەموو سەرکەوتنانەی لە بواری هونەریدا بەدەستی هێنان لە چەند ساڵی رابردوودا، لە ئێستادا بیر لەوە دەکاتەوە واز لە کاری ئەکتەری بهێنێت و روو لە کاری خێرخوازی بکات.
میگانی تەمەن ٣١ ساڵ کە ماوەیەك بوو میدیاکان باسیان لە جیابوونەوەی دەکرد لەگەڵ هاوسەرەکەی، لە بارەی وازهێنانی زیاتر وتی: تا ئێستاش زۆر لە بیزنسمانەکان ئۆفەری نواندنی فیلمی رووتم پێشکەش دەکەن لەسەر شاشە، بەڵام من بە هیچ شێوەیەك بەم جۆرە رۆڵانە رازی نابم، چونکە من لە سەرەتای کاری هونەری نیم و قۆناغی زۆرم تێپەڕاندووە، بۆیە چیتر لە کارێکی ئابڕووبەردا بەشداری ناکەم.
هەر لە درێژەی دیمانەکەدا میگان وتی: نامەوێ چیتر بەشداری لە کارێکدا بکەم کە تەنیا لە رووی سێکسییەوە ئافرەت نیشان بدات، بەداخەوە تا ئێستا دیدی کۆنی پیاوان بەرامبەر بە ئافرەتان هەستی پێدەکرێت بەتایبەتی لە ریکلامەکاندا. من ئێستا دایکی سێ منداڵم و حەز دەکەم لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکان ئەو دیدە پیاوانە بگۆڕێت.

# ئەدیل ئامادە نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆرانی بڵێ



چەند راپۆرتە هەواڵێکی نزیك لە خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی بەریتانی ئەدیل رایانگەیاند لە ماوەی رابردوودا دوو ئۆفەری پێشکەش کراوە بۆ سازکردنی دوو ئاهەنگی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام هەردوو ئۆفەرەکەی رەت کردۆتەوە و ئامادە نەبووە ئەو دوو ئاهەنگە ساز بکات. لەم بارەوە گۆرانیبێژی ناسراوی ئوسترالی کە نزیکە لە ئەدیل رایگەیاند: ئەدیل رازی نەبووە تەنیا بۆ چەند دەوڵەمەندێك گۆرانی بڵێ، چونکە ئەو لە ئێستادا سەرقاڵی گرنگیدانە بە باخچەی ماڵەکەی، ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە لە نێو هونەرمەندان، چونکە زۆربەیان ئامادەن قوربانی بە کاتی خۆیان بدەن بۆ ساز کردنی ئاهەنگ و دەستکەوتنی پارە بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو.

هەندێك لە چاودێران دەڵێن رەتکردنەوەی ئەم داوایە لەلایەن ئەدیلەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەن سەروەتێکی زۆرە کە بە ١٣٢ ملیۆن دۆلار دەخەمڵێندرێت و لەوانە تەنیا ساڵی پار بڕی ٥٢ ملیۆن دۆلاری دەستکەوت لە ئەنجامی فرۆشتنی سیدییەکانی نوێترین ئەلبوومی و سازکردنی چەندین ئاهەنگ لە سەرتاسەری جیهان.

# ئەنجلینا و براد بە نیازی کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێن



نووسەری ناسراوی ئەمریکی ئەیان هالبێرین کە بە پەیوەندییە بە هێزەکانی لەگەڵ ئەنجلینا جولی و براد بێت ناسراوە، رایگەیاند کە ئەم دووانە ماوەیەکە بەشداری لە چەند کۆرسێکی تایبەتی رۆحی و دووبارە شیاندنەوە دەکەن و ئێستا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە واز لە بڕیاری جیابوونەوە بهێنن و لاپەڕیەکی نوێ بکەنەوە.

دوای دە مانگ لە جیابوونەوەیان، بۆ یەکەم جار بەر لە دوو مانگ ئەنجلینا و براد لە ماڵێك بینراون لە ناوچەی بیڤرلی هیلز، لەم بارەوە هالبێرین بە ماڵپەڕی (دایلی میل)ی بەریتانیی راگەیاند: براد بێت هەنگاوێکی باشی ناوە لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەنجلینا و زۆر بە وشیاریش هەڵسوکەوتی کرد کاتێك چووە ماڵی هاوڕێیەکی بۆ بینینی و زۆریش قسەیان و چاوپێکەوتنەکەشیان زۆر سۆزداری بوو بە جۆرێك هەردووکیان زۆر گریاون.

بەر لە ماوەیەك ئەنجلینا رایگەیاند کەوا ئامادەیە چاوپێخشاندنێك بە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ براد بکات، ئەویش کاتێك گوێی لەم قسانەی ئەنجلینان رایگەیاند کەوا خەریکە بە یەکجاری واز لە خواردنەوە کحولییەکان دەهێنێت کە یەکێك بووە لە داواکانی ئەنجلینا.

هالبێرین دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنە زیاتر وتی: دوای چاوپێکەوتنەکە ئەنجلینا و براد بڕیاریاندا کە ناکۆکییەکانیان وەلاوە بنێن لە پێناو منداڵەکانیان و بە نیازن قۆناغێکی نوێی ژیانی هاوسەرێتیان دەست پێبکەنەوە.

شایەنی باسە لە مانگی سێپتێمبەری رابردوو ئەنجلینا داوای جیابوونەوەی لە براد کرد دوای ئەوەی بە خواردنی ماددە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کحولییەکان و مامەڵەی توندوتیژ بەرامبەر بە منداڵەکانی تۆمەتباری کرد، بەڵام لە دوایین چاوپێکەوتنیان هەردووکیان دانیان بەوە نا کە ئێستاش یەکتریان خۆشدەوێت و ئەگەری کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ هەیە لە ژیانی هاوسەرییان.

گۆنول دیلان کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان :

# ئەلبوومێکی گۆرانی بە کوردی بڵاودەکەمەوە








**لە ساڵی ١٩٩١ لە ئامەد لە دایکبووەو لە ئیستەنبووڵ گەورە بووە، هەر لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە دەستی داوەتە ئامێری ساز، گۆنول دیلان، کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان، ناوێکی دیاری باکووری کوردستانە، ئەو توانیویەتی لە بواری گۆرانی گوتن و سینەمادا جێ پەنجەی خۆی بکاتەوە.**

گۆنول دیلان بۆ ئەوەی خەونەکانی منداڵی بکاتە راستی، بەشێوازێکی زانستی خۆی فێری ئامێری سازدەکات، چونکە ساز لە منداڵیەوە وەك سێبەر هەمیشە لەگەڵی دابووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: «لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە خۆشەویستیم لەگەڵ ساز پەیدا کردووە، هەمیشە ساز لەگەڵمادابووە، بۆیە کە کەمێك گەورە بووم یەکەم کارم ئەوە بوو چوومە بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، لەوێ بەشێوازێکی زانستی ئامێری سازم خوێند».

خەونەکانی گۆنول دیلان هەر تەنیا سازژەنین نەبووە، بەڵکو گۆرانی گوتنیش هیوایەکی لەمێژینەی بووە، بۆیە لە کۆنسێرت و ئاهەنگەکان لەتەك ژەنینی ئامێری ساز گۆرانیشی دەگوت، ئەمەش وایکرد رۆژ دوای رۆژ ناوبانگی دەربکات، هەربۆیە بڕیاریدا ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاو بکاتەوە، بەڵام ناوی ئەلبوومەکەی هێندە سەرنجراکیش بوو، دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە ناوی ئەلبوومەکەشی « ئەوەی من بخوازێت قازانج دەکات»بوو، لەبارەی یەکەمین ئەلبوومی گۆنول دەڵێت «لەساڵی ٢٠٠٨ یەکەمین ئەلبوومی گۆرانیم بڵاوکردەوە، کە لە ١٤ تراکی گۆرانی پێکهاتبوو، ئەو کات دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبووە، ئەلبوومێکی زۆر فرۆشراو ئێستاش بەشێوازی ئۆنلاین دەفرۆشرێت».

خەونەکانی گۆنول لێرە کۆتاییان نەهات، خولیای دنیای سینەماو دراما وایکرد گۆنول روو بکاتە خوێندنی بەشی شانۆ و سینەمای لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، گۆنول دەڵێت « لە ساڵی ٢٠٠٩ بەشداری یەکەمین فیلمی سینەماییم لە ئیستەنبووڵ کرد، بەهۆی سەرکەوتنم لە یەکەمین کاری سینەمایم هەر هەمان ساڵ بەشداریم لە فیلمێکی دیکە کرد، کە لەو کاتدا بە کارێکی گرنگ ناوزەرد کرا».

دوای بڵاوبوونەوەی دراماکانی ژان، گۆنول دیلان زیاتر لە نێو خەڵکدا ناسرا، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی شارەزابوون لە میوزیك و گۆرانی کوردی، لەلایەن یەکێك لە کەناڵە کوردییەکانی باکووری کوردستان داواکرا بەرنامەیەکی رۆژانە پێشکەش بکات، گۆنول دیلان دەڵێت « وەکو پێشکەشکار لە یەکێك لە کەناڵە کوردییەکانی باکوور بۆ ماوەی یەك ساڵ کارم کردووە، بەرنامەیەکی رۆژانەی هونەریم پێشکەشکردووە،هاوکات لە نێو بەرنامەکەشدا چەند گۆرانییەکم بەشێوازی لایڤ پێشکەش دەکرد، ئێستاش لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی یوتیوب هەیەو رۆژانە بینەرێکی زۆری هەیە».

پاش بڵاوبوونەوەی فیلمە سینەماکانی گۆنول، دەرهێنەرانی دراما لە باکووری کوردستان چاویان بڕیە ئەم کچە هونەرمەندە، بۆیە داوایان لێکرد لە درامایەکی کوردی لە ئامەد بەشداری بکات، گۆنولیش یەك و دووی لێ ناکات و بەشداری لە یەکەمین درامای دەکات، لەمبارییەوە گۆنول دیلان دەڵێت» لە ماوەی دوو ساڵدا بەشداریم لە درامایەکی کوردی بەناوی ژان کرد، کە رۆڵی سەرەکیم لەگەڵ بەردان ماردینی هونەرمەندی باکووری کوردستان بینی، ئەو درامایە لە یەکێك لە کەناڵە بەناوبانگەکانی تورکیا بۆ ماوەی ٢ ساڵ نمایشکراو بینەرێکی یەکجار زۆری هەبوو».

**بەشداریم لە درامایەکی کوردی بەناوی ژان کرد، کە رۆڵی سەرەکیم لەگەڵ بەردان ماردینی هونەرمەندی باکووری کوردستان بینی، ئەو درامایە لە یەکێک لە کەناڵە بەناوبانگەکانی تورکیا بۆ ماوەی ٢ ساڵ نمایشکراو بینەرێکی یەکجار زۆری هەبوو**

کارەساتی شنگال و کۆچی کوردانی ئێزیدی، لەو درامایەی گۆنول دیلان کە بەناوی ژان بووە رەنگدانەوەی لەسەر درامایەکەدا هەبوو، گۆنول دیلان لەبارەی ئەم مژارە دەڵێت «بەشێك لە درامای ژان باسی لە نەهامەتی و کارەساتی شنگاڵ و کۆچکردنی کوردانی ئێزیدی بۆ باکووری کوردستان دەکرد، ئەمەش رەنگدانەوەی بارودۆخی ئێستا باکوور و باشووری کوردستانە، هەڵبەتە ئەمەش وایکرد بینەرێکی زۆری هەبێت و زیندوویەتی بە چیرۆکی درامایەکە بدات».

**بەشێک لە درامای ژان باسی لە نەهامەتی و کارەساتی شنگاڵ و کۆچکردنی کوردانی ئێزیدی بۆ باکووری کوردستان دەکرد، ئەمەش رەنگدانەوەی بارودۆخی ئێستا باکوور و باشووری کوردستانە، هەڵبەتە ئەمەش وایکرد بینەرێکی زۆری هەبێت و زیندوویەتی بە چیرۆکی درامایەکە بدات**

لە بواری نمایشی جل وبەرگیشدا گۆنول کاری کردووە، لە یەکێك لە نمایشەکاندا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، لەمبارییەوە دیلان دەڵێت: «لە یەکێك لە وڵاتانی ئەورووپی بەشداریم لە نمایشی جل وبەرگدا کرد، توانیم پلەی یەکەم لە نێو هەموو مۆدێلەکان بەدەست بێنم، بۆیە لە چەندین ریکلامی بازرگانیش کارم کردووەو لە کەناڵەکانی بڵاوکراوەتەوە».

ئێستا گۆنول دیلان سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانی و میوزیکی کوردییە لەمبارییەوە دەڵێت «ماوەیەکە بە چری سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانی کوردیم، کە لە ٥ تراك پێکهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کار بۆ وێنەگرتنی نوێترین ڤیدیۆکلیپی گۆرانی دەکەم، کە لە باکووری کوردستان کاری وێنەگرتنی بۆ دەکرێت، هاوکات لە ئەمریکا و ئەوروپاش کۆنسێرتم هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە باکووری کوردستان و تورکیاش کۆنسێرتی گۆرانی و میوزیکی سازدەکەم».